چەمکی مردن
لە فەلسەفەی مارتن هایدیگەردا

ئەحمەد ع. غەریب
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

کەوابوو ناڕەسەنیەتی بوون دۆخێکە دازاین بەهۆی بوون-لەگەڵ-کەسانی دیکە لە یەکەم ساتی بوونییەوە تێی دەکەوێت، ئەگەر دازاین لەم دۆخە بەئاگا نەیەتەوە و خۆی لەو ناڕەسەنیەتییە ڕزگار نەکات؛ تا کۆتایی بە ناڕەسەنی دەمێنێتەوە. لە دۆخی ناڕەسەنیدا ئێمە خاوەنی هیچ پرۆژە و تێگەیشتنێکی تایبەت بە خۆمان نین، بەهەمان شێوەی کەسانی دیکە هەڵسوکەوت دەکەین و دەدوێین و بڕیار دەدەین، "ئێمە وەک ئەوان چێژ وەردەگرین و دڵمان خۆش دەکەین؛ دەخوێنینەوە، تەماشادەکەین، هونەر و ئەدەب هەڵدەسەنگێنین، ئەوەی ئەوان دەهەژێنێت ئێمە دەهەژێنێت."(٤٩)

دازاین لە دۆخی ناڕەسەنیدا بەدوای ڕاستیدا ناگەڕێت، ئەم ئەرکە بەجێ دەهێڵێت بۆ ئەوان، "ئەوان باری گران لەسەر شانی دازاینێکی تاک سووک دەکەن. لەمەش زۆرتر؛ لەگەڵ داگرتنی بارەکە دازاین دەخەنە نێو خۆیانەوە و فێری دەکەن شتەکان ئاسان وەرگرێت." فێری دەکەن لە ڕووداوەکان ورد نەبێتەوە و ڕاگوزەرانە بژی و ڕووکەشانە بڕوانێت. لێرەوە جیاوازی لە تێگەیشتنی تاکەکان نامێنێت، هەموو وەک یەک بیردەکەنەوە و دەبنە لەبەرگیراوەی یەکتر و دازاین تایبەتمەندی و ڕەسەنیەتی خۆی بزردەکات، "هەموو کەسێک دەبێت بە ئەوان و کەس نابێت بە خاوەنی بوونی خۆی."(٥١)

کەواتە چۆن بتوانین لە ڕکێفی ئەوان دەرباز بین و ببینە تاکێکی تایبەتمەند و ڕەسەن؟! لەگەڵ ئەو پرسیارەدا گرنگی و ڕۆڵی ئەرێنیی مردن دێتەکایەوە، لەگەڵ ئەو پرسیارەدا گرنگی و پێگەی چەمکی مردن لە فەلسەفەی هایدیگەردا دەردەکەوێت. بە بۆچوونی هایدیگەر دەشێ مردن دازاین لە دۆخی ناڕەسەنی دەربکێشێت و بەرەو ڕەسەنیەتی ئاراستەی بکات! دەشێ مردن کە ئێمە بە

هایدیگەر

نێگەتیڤ لێی دەڕوانین، ببێتە هۆکارێک، یان ببێتە دەروازەیەک تا ئێمە بەرەو ڕەسەنیەتی ئاراستە بکات، دەکرێ بەهۆی تێگەیشتن لە مردن، ببین بە خاوەنی بوونی خۆمان، بەڵام ئەمە بە چ شێوەیەک جێبەجێ دەبێ؟!

لە بۆچوونی هایدیگەرەوە مردن تاکە پرۆژەیەکە کە هیچ کەس ناتوانێ لە بری هیچ کەس بە ئەنجامی بگەیەنێت، تاکە ئەگەرێکی بوونمانە کە دەبێت بە تەنیا ڕووی تێ بکەین، کەس ناتوانێت لەبری کەس بمرێت، نوێنەرایەتی کردن لە مردندا نییە، هەروەها "کەس ناتوانێت مردنی کەسێکی دیکە بوەستێنێت. هەڵبەتە کەسێک مردنی خۆی لە جێگەی مردنی کەسێکی دیکە هەڵدەبژێرێت، کە قوربانیدانە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بۆ کەسەکە، بەڵام ئەو واتایە نابەخشێت کە ئەو کەسەی قوربانی بۆ دراوە نامرێت. مردن شتێکە هەموو دازاینێک لە کاتی خۆیدا دەیگاتێ. مردن بە جەوهەر لە هەموو حاڵەتێکدا مردنی منە."(٥٢) لێرەوە دازاین تێدەگات خۆی بەتەنیا خاوەنی مردنی خۆیەتی و ئەگەرێکە لە بوونی خۆیایەتی. ئەوان ناتوانن ببنە خاوەنی مردنی دازاین، تاکە پرۆژەیەکی دازاینە کە ئەوان ناتوانن بڕیاری لەسەر بدەن، دازاین هەرچەندە لەلایەن ئەوانەوە داگیرکرابێت، هێشتا مردن هی خۆیەتی، تەنیا خۆی خاوەنی مردنی خۆیەتی، هیچ کەسێک ناتوانێ ببێتە خاوەنی مردنی دازاین، "خۆبەخاوەنکردنی ئەم ئەگەرە دازاین دەکات بە هەبوویەکی ڕەسەن."(٥٣)

مردن دازاین ناچاردەکات بیر لە کۆتایی بوونی بکاتەوە، ئەم بیرکردنەوەیەش تەنیای دەکاتەوە و پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەپچڕێنێت، لە هەمان کاتدا تووشی ترس و دوودڵی دەبێت، مردن وەک تراژیدیایەک دەبینێت. "تراژیدیاکە، هایدیگەر گوتەنی، هەموو پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ بووندا هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیانبڕێت. ئەگەر مرۆڤ لە هەموو ژیانیدا لەنێو تۆڕی پێوەندییەکاندا ژیابێت و هەمیشە بەم پێوەندییانەوە خۆی ناساندبێت لە مردندا بیر لەو پێوەندییانە ناکاتەوە و بە تەنیا بەبێ کەسانی دیکە، دەمرێت."(٥٤) ئەم تەنیابوونەوەیە و دابڕانە لە کەسانی دیکە دەرفەتی ئەوە بۆ دازاین دەڕەخسێنێت، کە بیر لە خۆی بکاتەوە و وەک دازاینێکی سەربەست پێشبینی بەکۆتاهاتنی پرۆژەی بوونی خۆی بکات. "مەرگ ئاگامەندی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئیگزێستانسیال بەرەو بیرکردنەوە هان دەدا و لە ئیشی پڕوپوچ لای دەدات، هەروەها هۆشیاری کۆیی پێ دەدات."(٥٥)

مردن بۆ هایدیگەر لە فەلسەفەکەیدا وەک ڕووداوێکی دەرەکی بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو مردن کاتێ جێی بایەخە و ئەرێنییە کە بیکەینە ڕووداوێکی ناخەکی، لەناو خۆماندا وەک ئەگەر و دوا پرۆژەی بوونمان بیری لێ بکەینەوە، مردن وەک ڕووداوێکی دەرەکی بەرەو ڕەسەنیەتیمان نابات، بەڵکو بیرکردنەوە و تێگەیشتن و پێشبینیکردنی مردن ئەوەمان بۆ دەستەبەر دەکات. لەم ڕوانگەیەوەیە کە "مردن تاک بەرەو تایبەتمەندی و (خۆ)ی ڕەسەن بانگ دەکات."(٥٦)

دازاین ڕەسەن بێ، یان ناڕەسەن هەر دەبێ بمرێت، بەڵام مردن بۆدازاینێکی ڕەسەن و دازاینێکی ناڕەسەن لە یەکتری جیاوازن. مردن بۆ دازاینێکی ڕەسەن پرۆژەیەکە دەبێت بە ئاگاییەوە ڕووەو کۆتایی بەئەنجامی بگەیەنێت، دازاین لە دۆخی ڕەسەندا ئەزموونێکی ناوەکی و هۆشەکی لەگەڵ مردندا هەیە، مردن وەک کارەساتێکی سامناک تەماشا ناکات، بەڵکو بە تێگەیشتنێکی ئەرێنییەوە لە مردن دەڕوانێت، هەروەها بیرکردنەوە لە مردن بە دەروازەیەک دادەنێت بۆ هەنگاونان بەرەو ڕەسەنیەتی

بوون، بەڵام مـــــردن بۆ دازاینێک کـــــە لە دۆخی ناڕەسەنیەتیدایە، ڕووداوێکی نەخوازراو و ترسهێنەرە ڕووداوێکە کۆتایی بە ژیان و خۆشییەکانمان دەهێنێت و لەناومـان دەبات، بۆیە ئەوان دازاین فێـردەکـەن بیـر لە مـردن نەکـاتەوە، ئەمـەش بە هۆکـاری ئاسـوودەیی و ڕزگاربوون لە تراژیدیای مردن دادەنێن. لە ژیانی ڕۆژانەی ئەواندا و دۆخی ناڕەسـەنیـەتیـدا مـردن ڕووداوێکی ڕۆژانەیە، بەردەوام مـرۆڤـەکـان دەمـرن و بەلادا دێن، ئێمـەش بۆیان خەمبـار دەبین و پاش ماوەیەک لە بیریان دەکەین، دڵنیایی بۆ خۆمان دەگەڕێنینەوە بەوەی بەخۆمان دەڵێین من هێشتا نەمردووم؛ کەواتە مردن بۆ من نییە، بەڵکو مردن بۆ کەسانی دیکەیە، بەمەش خۆمان ناکەین بە خـاوەنی مـردن و خـۆمـانی لێ لادەدەین. لە ژیانی ڕۆژانەدا مردنی کەسێک، مردنی مرۆڤێکی تایبەتمەند و دەگمەن نییە، بە مردنی کەسەکان بۆشایی دروست نابێ، چونکە هەمـوو وەک یەکن و لەبەرگـیـراوەی یەکن، هەرکـەس بمرێت یەکـێکی دیکە دەتوانێ جـێگای بگرێتەوە، چونکە تاکەکان خاوەنی تایبەتمەندی ڕەسەنی خـۆیان نین، بەڵام مـردنی دازاینێکی ڕەسـەن، مـردنی مرۆڤێکی دەگمەن و تایبەتمەندە، بۆشاییەکی وا دەخاتەوە بە کەسێکی دیکە پڕناکرێتەوە. (٥٧)

٢-٢ ترس (٥٨) و دوودڵی (٥٩) بەرانبەر مردن

ترس یەکێکە لە خاسیەتەکانی بوونی مرۆڤ، ئەگەرچی ترس وەک خاڵی لاوازی مرۆڤ دەناسرێ، هەمان کات گەر مرۆڤێک هەست بە ترس نەکات، ڕەنگە بە ناتەواوی دابنێین، بۆیە مـرۆڤـێکی سـالـم ڕۆژانە بە چەندان شـێـوە ڕووبەڕووی ترس دەبێـتـەوە، "ئێـمـە لە داهاتوو دەترسین، هەروەها لە پەنـهـان و ڕۆژگاریش دەترسین، ئێـمـە لە ژیان دەترسین، هەروەها لە مردن. ژیان لە کرۆکدا تێپەڕبوونی ڕۆژگارە و تێپەڕینی ڕۆژگاریش مانای هەنگاونانە بەرەو مردن، یان هەڵدێرانێکی خێرایە بەرەو کەندەڵانی نەبوون. دەشێت هەرئەوەش بێت وای لە هەندێک لە خاوەن بیران کردبێت کە بڵێین ژیان لە خۆیدا مردنە، چونکە مرۆڤ هەر کـە لەدایکبـوو دەست بە مـردن دەکـات و ئەو مـاوە سنووردارەش کە تێیدا دەژی بریتییە لەو ماوەیەی کە مردنەکەی دەیخایەنێت! واتە ترسبوون لە ژیان ترسە لە ڕۆژگار و ترسیش لە ڕۆژگار ترسە لە مردن!" (٦٠)

دەشێ چەند هۆکـارێک بۆ ترسـان لە مـردن دیاری بکەین؛ لەوانە:

١- ترس لە مردن بەهۆی باوەڕی ئایینییەوە: مـرۆڤی باوەڕدار لـە مـــردن دەترســـێت، چونکە بـاوەڕی بە زیندووبوونەوەی پاش مردن هەیە، دەترسێت پاش مردن تووشی سزای دۆزەخ بێت.

٢- ترس لە تەنیـابوون:مـرۆڤ لە مـردن دەترسـێت، چونکە مردن تەنیای دەکاتەوە و لە هەرچی و هەرکەسێک کـە ناسـیـویەتی دایدەبڕێت، ئەزمـوونێکە دەبێت بەتەنیا ڕووبەڕووی بێتەوە.

٣- ترس لە ئازار: مـرۆڤ دەترسـێت لەوەی مـردن ڕووداوێکی بەئازار بێت، ئەوەی ترسەکەش زیاتر دەکات ئەوەیە نازانێت ڕێژەی ئازارەکەی چەندە و چۆنە.

٤- ترس لە نادیاری: مرۆڤ لە مردن دەترسێت چونکە دڵنیـا نیـیـە پاش مـــردن چی ڕووەدات و چی بەسەردێت. (٦١)

هایدیگەر ترس و دوودڵی لە یەکـتـر جـیـا دەکـاتەوە، جیاکردنەوەکەشیان بە پێویست دادەنێت، لەبارەی ترس و دوودڵی دەنووسێت: "پێویستە دوودڵی لە ئاستی مردن و ترس لە لەناوچوون تێکەڵ نەکەین. دوودڵی مـەزاجێکی کـتـوپڕی سـەرهەڵدراو، یان لاوازی تاکەکەس نییە؛ وەک مـەزاجێکی سـەرەکی دازاین بوونی فـڕێدراوی ئەم هەبووە لەبەردەم کـۆتاییدا دەردەخات." (٦٢) دوودڵی دەرخـەری ئەوەیە کـە دازاین هۆشـیـارە بەوەی کـە دەزانێت بوونە ڕووەو کـۆتایی، بوونێکە لە جـیـهـاندا فـڕێ دراوە و بوونێکی کاتییە، دوودڵی هۆشیارییە لە ئاستی بوون و نەبووندا، بەڵام ترس پێـوەندی بە نەزانیـیـەوە هەیە و دۆخـێکی ڕۆژانەییە بەرانبـەر شـتـەکـان. لەم بۆچوونەوە "هایدیگەر (ترس) بە بوونی ناڕەســەن و (دوودڵی) بە بوونی ڕەسەنەوە گرێ دەدات. مرۆڤی ناڕەسەن ترسنۆکە. بە پێچەوانەی ئەمەوە بوونی ڕەسەن چاو نەترسە، بەڵام لە ئاستی بووندا بە گشتی دوودڵە. دازاینێک بیر لە مردن بکاتەوە، یان لەبەردەم ئەو ئەزموونەدا ڕاوەستابێت، (کە هەمـوو کـاتێک لەبەردەم ئەم ئەزمـوونەدایە) لە ئاسـتی بووندا دوودڵە." (٦٣)، کەواتە ئەوەی لە مردن دەترسێت لە دۆخی ناڕەسـەنیـدایە و ئامـادە نیـیـە بیـر لە مـردن بکاتەوە، هەمـیـشـە ترسـەکـەشی دەشـارێتـەوە و ئاسـوودەبوونێکی ساختـە بۆ خۆی دروست دەکـات، ئەم ئاســوودەبوونەش لە بۆچوونی "ئەوان"ـەوە وەردەگـڕێت، ئەوان دازاین فـێـردەکەن کـە بۆ ئەوەی ئاسـوودە بێت دەبێ

سارتر

بیر لە مردن نەکاتەوە. "لەگەڵ ئاسوودەبوونەکەدا، کە دازاین لە مردنی خۆی دوور دەخاتەوە، ئەوان، هەمان کات، خۆیان بە ڕاست و ڕێزدار دادەنێن، چونکە ڕێگەیەکیان بۆ مامەڵەکردن لەسەر مردنی تاکەکان پەیداکردووە. بە گوێرەی بیروڕای گشتی (بیرکردنەوە لە مردن) ترسنۆکانەیە، بێ دڵنیابوونی دازاینە و ڕاکردنە لە جیهان."(٦٤)

ترس لە ژیانی ڕۆژانەدا ترسە لە شتێکی دیاریکراو و دەتوانرێت بڕەوێنرێتەوە، بۆ نموونە مردۆف لە تاریکایی دەترسێت، بە هەڵکردنی ڕووناکییەک کۆتایی بە ترسەکەی دێت، بەڵام ئەستەمە بتوانین دوودڵی بڕەوێنینەوە، چونکە "ئەوەی لە ئاستیدا دوودڵین خودی بوون-لەنێو-جیهانە."(٦٥، ٦٦) ئێمە بۆیە دوودڵین چونکە بوونمان هەیە، بوونیشمان ناتەواو و کاتییە. بەهەمان شێوە ترس لە مردن دەشێ بڕەوێتەوە بەوەی بەتەنیا لە ئاستیدا بوەستین و وەک ئەزموونێکی ناوەکی هەوڵی تێگەیشتنی بدەین، ئەو کاتەی لە مردن تێ دەگەین ترس لە مردن دەگۆڕێت بۆ دوودڵی بەرانبەر مردن، ئەمەش هەڵوێستێکی ڕەسەنانەیە. "هاوکات دوودڵی لە بوونی مرۆڤدا ئاماژە بۆ (نیگەرانی) ئەم بوونە دەکات."(٦٧) مرۆڤ سەرەڕای ئەوەی کە دوودڵە لە ئاستی بووندا، بوونێکە بە نیگەرانییەوە دەژی و بوونێکی خەمخۆرە.(٦٨)

٢-٣ خۆدزینەوە لە مردن

ئاشکرایە دازاین ویست و ئارەزووی لە ژیانە و دەخوازێ لە مردن دووربێت، ئەمەش لە لایەک پێوەندی هەیە بەوەی دازاین "نایەوێت ئێستا بمرێت، چونکە هێشتا خۆی تەواو نەکردووە و پڕی بە ناوەرۆکی نەداوە. ئەو هەیە و نەبووە بەو شتەی خۆی دەیەوێت."(٦٩) ئەمە هەڵوێستێکی ڕەسەنانەیە، دازاین دەیەوێ پرۆژەکانی بوونی بە ئەنجام بگەیەنێت و بە سەرجەمی بوونی بگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "دازاین تا لە بووندا بێت بە سەرجەمی بوونی ناگات."(٧٠) لەلایەکی دیکەشەوە ویستی نەمردن پێوەندی بە ترس لە مردنەوە هەیە. دازاین لە هەوڵی ڕزگاربوونە لەو ترسەی هەیەتی. وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بوونی ڕەسەن لە ڕێی بیرکردنەوە لە مردن وەک ئەگەرێکی ناوەکی، لە ترس و تۆقینی بەرانبەر مردن ڕزگاری دەبێت، بەڵام ئایا بوونێک کە لە دۆخی ناڕەسەنیەتیدا دەمێنێتەوە و دەرفەتی نییە لە ژێر ڕکێفی ئەوان دەربازبێت، چۆن ترس لە مردن دەڕەوێنێتەوە؟!وەک ڕوون کرایەوە دازاین لە دۆخی ناڕەسەنیەتیدا خۆی داوە بە دەست ئەوان-ەوە، ئەوان بڕیار لەسەر پرۆژەکانی دەدەن، بۆیە هەر ئەوان گرفتەکەی بۆ چارەسەر دەکەن، بەڵام ئەمە چۆن بە ئەنجام دەگەیەنن؟

"لە ژیانی ڕۆژانەماندا و لەنێو کەسانی دیکەدا (مردن) بە ڕووداو دادەنرێت. ڕۆژانە کەسێکی دراوسێ، یان بێگانە دەمرێت. مردن بووە بە ڕووداوێکی ناسراو لە نێو جیهاندا و بە ئاشکرا ڕۆژانە دەبینرێت. (ئەوان)یش ڕاڤەکردنەکەیان بۆ ئەم ڕووداوە ئامادەکردووە. وەک هەڵاتوویەک باسی دەکەن و ئاشکرای دەکەن، کە لەم ڕۆژانەدا و لە کۆتاییدا کەسێک دەمرێت، بەڵام ئێستا ئەو مردنە پێوەندی بە ئێمەوە نییە."(٧١) ئەوان بەجۆرێک مردن ڕاڤەدەکەن کە ڕووداوێکە پێوەندی بە منەوە نییە، مادام من لە ژیاندام کەواتە من هێشتا نەمردووم، بۆیە پێویست ناکات بترسم، چونکە ئەوەی مردووە من نیم، من جارێ نامرم."لە ڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانەی دازایندا (کەسێک دەمرێت) بەکارهێنراوە، چونکە من و هەموو کەسێک دەتوانین بڵێین، ئەوەی

دەمـــرێ من نیم و ئەوەی دەمـــرێت هیچ کـــەســـێک نییە."(٧٢) مەبەستی هایدیگەر لەوەی دەڵێت "ئەوەی دەمرێت هیچ کەس نییە" ئەوەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا و لە دۆخی ناڕەسەنیەتیدا تاکەکەس تایبەتمەندی لەدەست داوە و هەموو کەس وەک یەکن، بە مردنی کەسێک هیچ تایبەتمەندییەکی دەگمەن کەم ناکات، بەڵکو کەسێکی تر دەتوانێ جێی بگرێتەوە. مردن لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبێتە بابەتێک خۆی لێ دەدزرێتەوە، بە جۆرێک وێنا دەکرێ کە مردن پێوەندی بە کەسێکەوە نییە کە هێشتا نەمردووە، ئەو کـەسـەش کـە مـردووە من نیم، ئەمـەش هەمـان تێگەیشـتنی ئیـپـیکۆریانەیە کـە پێی وایە ئەو کـاتەی دەژین مـردن نیـیـە و ئەو کـاتەی مـردن دێت ئێـمـە نین. هایدیگەر ئەم تێگەیشتنە بە خۆدزینەوە، یان خۆشاردنەوە لە مردن دادەنێت، خۆدزینەوەش لە مردن بەڵگەی ئەوەیە کـە دازاین لە مـردن دڵنیـایە، بەڵام نایەوێ بیـری لێ بکاتەوە، بۆیە دەیەوێ خـــۆی لێ بدزێتـــەوە، بەم خـۆدزینەوەیەش دەیەوێ ئاسـوودەیی بەدەست بهـێنێ و بەردەوامی بە ژیانی ڕۆژانەی بدات، بێ بیـرکـردنەوە لە مردن و ڕووداوی تراژیدی و ترسێنەر.

ئەوان هەوڵ دەدەن باوەڕ بە دازاین بهـێنن کـە ڕاسـتـە مردن هەیە، بەڵام هێشا نەهاتووە، بۆیە پێویست ناکات لێی بتـرسین، هەروەها پێـویست ناکـات بیـری لێ بکەینەوە، وا وێنای مـردن دەکـەن کـە بیـرکـردنەوە لێی ڕەشبینانەیە و کارێکی نەشیاوە، لە هەمان کاتدا ڕاکردنە لە ژیان. بیرکردنەوە لە مردن بە بێهودەیی ناوزەد دەکەن، دازاین ڕێنوێنی دەکـــەن خـــۆی لێ بەدوور بگرێت، لە ڕوانگەی ئەوانەوە دازاین بۆ ئەوەی ئاســـــوودە بێت پێویستە سەرقاڵی ژیان بێت نەک بیرکردنەوە لە مردن، پێـیـان وایە کـەسـێک بیـر لە مـردن بکاتەوە کـەسـێکی ڕەشبینە و چاوی خۆشییەکانی ژیان نابینێ، بەم جۆرە گوتارانە دازاین بەشێوەیەک ئاراستە دەکەن کە بیر لە خۆشی ژیان بکاتەوە و پشت بکاتە مردن. لێرەوە دازاین گوێ بە مـردن نادات و خۆی دڵنیا دەکات کە زیندووە و مـردن پێـوەندی بە ژیانی ئەوەوە نیـیـە. بەمـەش وەک بوونێکی ناڕەسەن لە ژیانکردن بەردەوام دەبێت و خۆی لە ترس و دوودڵی بەرانبەر مردن دەدزێتەوە.(٧٣)

لە ژیانی ڕۆژانەدا "کەسێک دەڵێت حەتمەن مردن دێت، بەڵام ئێـسـتـا نا. لەگەڵ بەکارهێنانی (بەڵام...) ئەوان نکوڵی لە دڵنیابوون لە مردن دەکەن. (ئێستا نا) داکۆکی کـردنێکی نێگەتیـڤی ڕووت نیـیـە، ڕاڤـەکـردنێکی (ئەوان)ـە. بەم ڕاڤەکردنە ئەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە دازاین دەتـوانێ بیـگـاتێ و بایـەخی پێ بدات. ژیـانی ڕۆژانە جـــۆرە نیگەرانیـــەک بە پەلە دەســـەپێنێت و بیـرکـردنەوە لە مـردنی لێ دەسـێنێت. مـردن بۆ کـاتێکی دیکە هەڵدەگیرێت، ئەمەش لە ڕێگەی بیری گشتییەوە ڕوودەدات، کەوابوو (ئەوان) تایبەتمەندێتی دڵنیابوون لە مردن دەشارنەوە، کە ئەو ئەگەرەیە هەموو کاتێک دەشێ بێتەکایەوە."(٧٤)

سەرەڕای ئەوەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا مردن دەبێت بە ڕووداوێکی هێشتا نەهاتوو، هەمان کات ئەوان هەموو هەوڵێکیـان بۆ ئەوەیە مـردن وەک بابەتی بیـرکـردنەوە بخـرێتـە لاوەو پەراوێز بخـرێت؛ بەڵام خـودی مـردن ئەگەرێکی حەتمییە و واز لێنەهێنراوە لە هەر ساتێکدا دازاین لەبەردەم ڕوودانی ئەم ئەگـەرەدایە، ئەگـەرچی دازاین هەوڵ بدات خۆی لە بیرکردنەوە لە مردن لابدات، مـردن خـۆی لە دازاین لا نادات، دەشێ لە هەر ساتێکدا بێتە کایەوە.

بەشی سێیەم:

ڕەخنە لە تێگەیشتنی هایدیگەر

یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی هزری فەلسەفی ڕەخنە گرتنە، هەر وەک ئیمانوێل کانت گوتوویەتی: "ڕەخنەگرتن ئامرازێکی سەرەکی فەلسەفەیە و دەبێ هەموو بابەت و لایەنێک بگرێتـــەوە و ڕەخنەگـــرتنیش تەنیـــا هەر ڕەخنەکردنی کتێب و نووسراو و ڕژێم و سیستمەکان نییە، بەڵکو ئایین و قانوون و ژیریش بەخۆی و هێز و تواناییـەکـانی لێی بەدەر نین."(٧٥) لەم بۆچوونەوە؛ ناتوانین بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە، فەیلەسووفێک دەستنیشان بکەین کە لە لایەن بیرمەندانی دوای خۆیەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە نەبووبێـتـەوە، ئەمـەش لە لایەک پێوەندی بە سروشتی فەلسەفەوە هەیە کە بەردەوام بە بیـری نوێ لە خـۆ نوێکردنەوەدایە، لە لایەکی دیکەوە پەیوەسـتـە بە گـۆڕانە مـێـژوویی و کـۆمـەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەمەوە.

هایدیگەریش وەک فـەیلەسـووفـێکی دیاری سـەدەی بیست لە ڕەخنە بێبەری نییە، لە سەردەمی خۆی و پاش مـردنیـشی چەندان ڕەخنەی سـیـاسی، کـۆمـەڵایەتی، فـەلسـەفی ئاراستە کـراوە و دەکرێت. ئایا ئەو ڕەخنانە

کامانەن کە سەبارەت بە تێگەیشتنی لە چەمکی مردن لە هایدیگەر گیراون؟ ئێمە لێرەدا ڕەخنەکانی فەیلەسووفی فەڕەنسی ژان پۆل سارتر(٧٦) بە نموونە وەردەگرین، کە لە دووتوێی کتێبەکەیدا بەناوی "بوون و نەبوون" باس لە مردن دەکات و هاوکات چەند ڕەخنەیەک سەبارەت بە تێگەیشتن لە مردن ئاراستەی فەلسەفەی هایدیگەر دەکات.

سارتر و هایدیگەر، چەندان بۆچوونی هاوبەشیان سەبارەت بە بوونی مرۆڤ هەیە، لە هەمان کات چەندان بۆچوونی جیاوازیشیان هەیە. سەبارەت بە مردن، سارتریش وەک هایدیگەر لە ڕوویەکەوە "دان بەڕاستی مردندا دەنێت، بەڵام باوەڕی بەوە نییە کە مردن وەک ئەگەرێک کاریگەری بکاتە سەر ڕەسەنیەتی بوونمان، بەڵکو باوەڕی وایە ڕەسەنیەتی بوون تەنیا پەیوەستە بە ژیانێکی سەربەست و بەرپرسیارانە."(٧٧)، ئەمەش ڕەخنەیەکی بنەڕەتییە لە فەلسەفەکەی هایدیگەر سەبارەت بە مردن، چونکە خاڵی پۆزەتیڤی تێگەیشتنەکەی هایدیگەر لەسەر ئەوە بەندە کە مردن مرۆڤ بەرەو ڕەسەنیەتی بوون پەلکێش دەکات، بەڵام سارتر بە تەواوی ئەمە ڕەت دەکاتەوە و ڕەسەنیەتی بوون بە چۆنیەتی ژیانکردنی مرۆڤ دەبەستێتەوە نەک مردن! ڕەسەنیەتی بوون لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە، کە مرۆڤ چۆن بڕیار لەسەر پێشهاتەکانی ژیانی خۆی دەدات، تا چەند ئازادانە دەژی، تا چەند سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت و دەبێت بەو مرۆڤەی خۆی دەیەوێت، نەک لەسەر ئەوە بەند بێت کە مردن بکاتە پرۆژەی بوونی و بیر لە مردن بکاتەوە.

ڕەخنەی سارتر لێرەدا ئەوەیە کە مردن لەلای سارتر، هیچ پێوەندیەکی بە ژیانێکی ڕەسەنەوە نییە، بەڵکو مردن ڕووداوێکە دێت و ژیانی مرۆڤ لەناو دەبات. زیاتر لەمەش سارتر مردن بە ئەگەرێکی ناوەکی دانانێت، وەک ئەوەی هایدیگەر پێی لەسەر دادەگرت، بەڵکو سارتر مردن بە لەناوبەری ئەگەرەکانی بوونی مرۆڤ دادەنێت، هەروەها بە ڕووداوێک کە لە دەرەوە دێت و بوونمان لەناو دەبات هەژماری دەکات. هەروەک لە کتێبی بوون و نەبوون نووسیویەتی: "مردن ئەگەری من نییە، ئەگەری لەناوبردنی ئەگەرەکانمە و لە دەرەوەی ئەگەرەکانمدایە."(٧٨) مردن لە دەرەوەی منە، نەوەک وەک توانایی بۆ بوون لە ناوەوەی مندا بێت، مردن لای سارتر وەک دێوەزمەیەک لەپڕ دێت و ژیان لەناو دەبات.

سارتر لەسەر ڕەخنەکانی بەردەوام دەبێت و ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە مردن واتا بە ژیان بدات، بەڵکو دژی ئەم تێگەیشتنە لە بوون و نەبوون-دا دەڵێت: "مردن واتا بە ژیان نابەخشێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ژیان لە واتا دادەبڕێت."(٧٩) مردن هیچ واتایەک بۆ ژیان ناهێڵێتەوە، هەر واتایەکیش لە ئارادا بێت؛ مردن لەناوی دەبات و کۆتایی پێ دەهێنێت. مردن ڕووداوێکی کۆپەرە، لە دەرەوەڕا دێت و لە بوونمان دەخات و دەمانکات بە هەبوویەکی ڕابوردوو، لەم ڕوانگەیەوە مردن لای سارتر "بایەخێکی تایبەتی نییە، بەڵکو دوا پووچییە و لە پووچیی ژیان کەمتر نییە، مەرگیش بەشێکە لە (سەودا و مامەڵەیە) وەک ئەو دەڵێت؛ کەواتە مەرگ سیمبۆلی گەورەی کۆتابوونی مرۆڤ و پووچیشیەتی."(٨٠)

لای سارتر مردن بۆ من بێ مانایی و پووچییە، بەڵام دەشێ مردنی من بۆ کەسانی دیکە ببێتە بابەت و کەسانی دیکە مانا بە مردنەکەم بدەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن، بە بۆچوونی سارتر "کەسێکی مردوو نێچیری مرۆڤە زیندووەکانە."(٨١) زیندووەکانن مانا بۆ مردن دەخوڵقێنن، ئەگەر دوای مردنی من هیچ کەسێکی زیندوو نەبێت، مردنی من هیچ مانایەکی نابێت، یان ئەگەر من بمرم و کەس بە مردنەکەم نەزانێت، مردنی من چ بایەخێکی بۆ من نابێت. زیاتر لەمەش سارتر گرنگانەی ئەوە دەکات کە ئێمە بەهۆی بوونی کەسانی دیکەوەیە دەزانین مردن هەیە، ئەگەر من کەسێک نەبینم بمرێ، ڕەنگە هەرگیز نەزانم مردن بوونی هەیە! لەمەوە سارتر دەڵێت: "ئەگەر کەسانی دیکە نەبوونایە ئێمە مردنمان نەدەناسی؛ لەلای ئێمە دەرنەدەکەوت، تەنانەت نەماندەکرد بە دۆخگۆڕینی بوونمان بەرەو چارەنووس؛ دەبوو بە ونبوونێکی کتوپڕی بوون-بۆ-خۆ و جیهان."(٨٢)

ڕەخنەیەکی دیکەی سارتر ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هایدیگەرەوە مردن بە پرۆژە دانانێت و هاوکات پێی وایە ناتوانرێ پێشبینی و چاوەڕوانی مردن بکەین. لەبەر ئەوەی "چاوەڕوانیکردنی مردن خۆ لەناوبردنە، چونکە دەبێت بە ڕەتدانەوەی هەموو چاوەڕوانییەکانی دیکە. پرۆژە دانانم بەرەو مردنێکی دیاریکراو تێگەیشتنی ئاسانە (خۆم دەکوژم، خۆم شەهید دەکەم و دەبم بە

قارەمان)، بەڵام پرۆژە دانانم بۆ مردنم، وەک ئەگەرێکی نادیار دەبێت بە لەناوبردنی هەموو پرۆژەیەک."(٨٣)، چونکە مردن نە پێشبینی دەکرێت، نە چاوەڕوانی دەکرێت، هەروەها مردن هیچ داهاتوویەکی نییە، بەڵکو کۆتایی بە داهاتوو دەهێنێت و من وەک هەبوویەک تووشی چەقبەستوویی دەکات. سارتر لە کۆتایی باسەکەی لەسەر مردن، بە دیاریکراوی ڕەخنەکەی خۆی ئاراستەی هایدیگەر دەکات و ڕاشکاوانە دەڵێت: "ئێمە دژ بە بۆچوونەکەی هایدیگەر بەو ئاکامە دەگەین، کە مردن دوور لەوەی ئەگەرێکی تایبەتی من بێت، فاکتۆرێکی هەڵکەوتووە. نە دەتوانم مردنم بدۆزمەوە، نە چاوەڕوانیش بم. ئەو شتەیە خۆی بە نەناسراوی دەهێڵێتەوە و هەموو چاوەڕوانییەکان پووچەڵ دەکاتەوە. هەموو هەڵوێستەکان چەقوەستاو لە دەرەوەی خۆیەتیدا ڕادەگرێت و کەسانی دیکەش واتایان پێ دەبەخشن. مردن، وەک لە دایکبوون فاکتۆرێکی ڕووتە؛ لە دەرەوە بەرەو بوونی ئێمە دێت و ئێمەش دەکات بەشتێکی دەرەکی."(٨٤)

ئەنجام

دەتوانین بڵێین تێگەیشتنی هایدیگەر بۆ مردن تێگەیشتنێکە دووەر لە باوەڕی ئایینی و بیرۆکەی میتافیزیکی، بەڵکو تێگەیشتنێکی بوونگەرانەی تایبەتە. هەوڵی هایدیگەر بۆ ئەوەیە، خودی مردن بناسێت، نەک لاشەیەکی مردوو، بۆیە پرسیاری هایدیگەر پرسیارە لە مردن. هایدگەر دەیەوێت لە ڕێی پرسی مردنەوە، لایەنی کاتی بوونی مرۆڤ بخاتەڕوو، دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە مرۆڤ بوونێکە ڕوو لە کۆتاییە، بۆیە مردن یەکێکە لە ئاکامەکانی ژیانی مرۆڤ، دەیەوێت پێویستیی بایەخدان بە مردن بۆ ئێمە بسەلمێنێت، چونکە مردن لای هایدیگەر پەیوەستە بە ژیانکردنێکی هۆشمەندانەوە.

مردن لە فەلسەفەی هایدیگەردا چەمکێکە تەنیا تایبەتە بە مرۆڤ کە ئەو بە "دازاین" ناوزەدی دەکات، هەر بۆیە مردنی دازاین لە لەناوچوونی هەبووە زیندووەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، چونکە دازاین بە هۆشیاری و دوودڵییەوە ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە.

هایدیگەر مردنی بە ئەگەر داناوە، ئەگەرێک کە ناچارییە و ناتوانین خۆمانی لێ لا بدەین. مردن ئەگەرێکی بوونە، کە دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. مردن بۆ دازاین ڕووداوێکی دەرەکی نییە، بەڵکو ئەگەرێکی حەتمی و ناوەکییە، کە لەگەڵ یەکەم ساتی بوونییەوە دازاین بووە بە خاوەنی، مردن وەک توانایی بۆ بوون لەگەڵ دازایندایە. مردن نە لە ڕابوردووی دازایندایە، نە لە ئێستاشدایە، بەڵکو لە داهاتوودایە. دازاین چاوەڕوانی مردنە وەک پرۆژەیەک لە داهاتوودا بە ئاکام بگات.

هایدیگەر لە فەلسەفەکەیدا مردن بە پرۆژەیەکی بوونی مرۆڤ دادەنێت کە دەبێت بە ئاگاییەوە ڕووبەڕووی بێتەوە و وەک دوا پرۆژەی ژیانی هۆشیار بێت لێی. مردن دوا پرۆژە و مەرگەساتی گشت پرۆژەکانی دیکەیە و لە هەموو پرۆژەکانی دیکەش زیاتر کارمان تێ دەکات، چونکە دڵنیاین لە هەر ساتێکدا شیاوی هاتنەئارایە.

مردن لای هایدیگەر دوو ڕۆڵی سەرەکی هەیە ڕۆڵێکی نێگەتیڤ و ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ؛ لە لایەک پرۆژەیەکە کۆتایی بە بوونمان و بە پرۆژەکانی دیکەمان دەهێنێت. لە لایەکی دیکەوە تەنیامان دەکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەوان دامانەدبڕێت و بەرەو ڕەسەنیەتی بوون پەلکێشمان دەکات، واتا تێگەیشتن لە مردن یارمەتیمان دەدات ببینە خاوەنی بوونی ڕەسەنی خۆمان، چونکە مردن تاکە پرۆژەیەکە کە دەبێت بە تەنیا بە ئەنجامی بگەیەنین، مردن کەسییە، هیچ کەس ناتوانێ لە جیاتی یەکێکی دیکە بمرێت، هەرکەس مردنێکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێ بە تەنیا ئەزموونی بکات.

مردن بۆ هایدیگەر وەک ڕووداوێکی ڕۆژانە بایەخێکی فەلسەفی ئەوتۆی نییە، تەنیا ئەوەیە دەمانکات بە لاشەیەکی مردوو. مردن کاتێ جێی بایەخە و ئەرێنییە کە بیکەینە ڕووداوێکی ناخەکی و لەناو خۆماندا وەک ئەگەر و دوا پرۆژەی بوونمان بیری لێبکەینەوە، ئەمەش هەڵوێستێکی ڕەسەنانەیە بۆ تێگەیشتن لە مردن، بەڵام لە دۆخی ناڕەسەنیەتیدا مردن ڕووداوێکی ڕۆژانەیە، بەردەوام مرۆڤەکان دەمرن و بەلادا دێن، ئێمەش بۆیان غەمبار دەبین و پاش ماوەیەک لە بیریان دەکەین.

هایدیگەر بەهۆی ترس و دوودڵییەوە هەڵوێستی ڕەسەن و ناڕەسەن جیا دەکاتەوە، ترس لە مردن خەسڵەتێکی سەرەتایی و ناڕەسەنانەیە، بەڵام بوونی ڕەسەن بەهۆی تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە مردن، ترس دەگۆڕێت بۆ دوودڵی. بوونێکی ڕەسەن لە مردن

ناترسێت، بەڵکو بەرانبەری دوودڵە، چونکە وەک ئەگەرێکی بوونی و دوا پرۆژە تێی دەگات، بەڵام بوونێکی ناڕەسەن بۆ خۆ ڕزگارکردن لە ترسی مردن، لە جیاتی ئەوەی بیری لێ بکاتەوە، خۆی لێ دەدزێتەوە، بۆ ئەمەش سوود لە گوتارەکانی "ئەوان" وەردەگرێت، ئەوان بەشێوەیەک وێنای مردن دەکەن کە مردن پێوەندی بە منەوە نییە، ئەوەی مردووە من نیم کەسێکی دیکەیە و من هێشتا لە ژیاندام، بۆیە پێویست ناکات لە مردن بترسم، واباشە لەبیری خۆمی ببەمەوە و سەرقاڵی ژیان بم. هایدیگەر ئەم هەڵوێستەی بە خۆدزینەوە داناوە، بەم هەڵوێستە بەرانبەر مردن، دازاین لە دۆخی ناڕەسەنیدا دەمێنێتەوە و ناتوانێ لە ژێر ڕکێفی ئەوان ڕزگاری ببێت، مەگەر ئەوەی کە ئاوڕ لە مردن بداتەوە و هەوڵی تێگەیشتنی بدات.

پەراوێزەکان:

٤٩- مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، لا١٩٦.

٥٠- هـ. س. لا١٩٧.

٥١- هـ. س. لا١٩٧.

٥٢- هـ. س. لا٣٣٣.

٥٣- هـ. س. لا٣٥٧.

٥٤- د. محەمەد کەمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا١٢٩.

٥٥- پ. مەحموود خاتەمی، سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، و:سەعید کاکی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣، لا٢٢٩.

٥٦- د.محەمەد کەمال، بوون و داهێنان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، لا١٥٥.

٥٧- بڕوانە: د. محەمەد کەمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا١٣٠ -١٣٤.

58- Fear

59- Anxiety

٦٠- د. زەکەریا ئیبراهیم، کێشەی مرۆڤ، و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٣، لا١٨١.

٦١- بڕوانە: دکتر غلامحسین معتمدی، انسان و مرگ، نشر مرکز، تهران، ص ٥٧-٥٨.

٦٢- مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، لا٣٤٥.

٦٣- د. محەمەد کەمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا١٣٠ - ١٣١.

٦٤- مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، لا٣٤٨.

65- Being-in-the-world

٦٦- هـ. س. لا٣٤٥.

٦٧- د. محەمەد کەمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا١٠٦.

٦٨- نیگەرانی "Care" لای هایدیگەر بایەخی تایبەتی پێدراوە، هایدیگەر بە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی دادەنێت، باسکردن لەم چەمکە پێویستی بە توێژینەوەی تایبەت هەیە. بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٦ - ١٢٣.

٦٩- د. محەمەد کەمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا١٢٧.

٧٠- مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، لا٣٢٩.

٧١- هـ. س. لا٣٤٦.

٧٢- هـ. س. لا٣٤٧.

٧٣- بڕوانە: مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، لا٣٤٧ - ٣٤٨.

٧٤- هـ. س. لا٣٥٢.

٧٥- د. حەمید عەزیز، فەلسەفەی نوێ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، لا٢٥٢.

76- Jean Paul Sartre

77- Shawn M. Hatjes, Heidegger and Sartre on Death and Authenticity, unlockyourmind.wordpress.com.Nov.15.2013

٧٨- ژان پۆڵ سارتەر، بوون و نەبوون، و: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، لا٥٤٠.

٧٩- هـ. س. لا٥٤٢.

٨٠- جۆن ماکواری، فەلسەفەی بوونگەرایی، و: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا٣٠٠.

٨١- ژان پۆڵ سارتەر، بوون و نەبوون، و: د.محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، لا٥٤٥.

٨٢- هـ. س. لا٥٤٧.
٨٣- هـ. س. لا٥٤٣.
٨٤- هـ. س. لا٥٤٧.

سەرچاوەکان:

کوردی:

١- هایدیگەر، مارتن، ٢٠١٣، بوون و کات، و: د. محەمەد کەمال، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢- ئیبراهیم، د. زەکەریا، ٢٠١٣، کێشەی مرۆڤ، و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، سلێمانی: خانەی وەرگێڕان.

٣- محمد امین، بورهان، ٢٠٠٤، تەفسیری ئاسان، هەولێر: بلاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر.

٤- ماکواری، جۆن، ٢٠٠٧، فەلسەفەی بوونگەرایی، و:ئازاد بەرزنجی، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم.

٥- کەمال، د.محەمەد، ٢٠١٠، فەلسەفەی ئەفلاتوون، سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.

٦- کەمال، د.محەمەد، ٢٠٠٧، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، دهۆک: دەزگای سپیریز.

٧- کەمال، د.محەمەد، ٢٠٠٤، بوون و داهێنان، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٨- کەمال، د. محەمەد، ٢٠٠٧، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٩- د. حەمید عەزیز، ٢٠١٢، فەلسەفەی نوێ، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

١٠- سارتر، ژان پۆڵ، ٢٠١١، بوون و نەبوون، و: د.محەمەد کەمال، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١١- ڕاسێل، بێرتراند، ٢٠١١، مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا، و: فازڵ مەحمود، هەولێر: چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات.

١٢- دورانت، ویل، ٢٠١١، مێژووی شارستانیەت، بەرگی دووەم، و: عەبدوڵڵا ڕەسوڵی، سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

١٣- خاتەمی، پ. مەحموود، ٢٠١٣، سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، و: سەعید کاکی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

فارسی:

١- معتمدی، دکتر غلامحسین، ١٣٨٧، انسان و مرگ، تهران: نشر مرکز.

ئینگلیزی:

1- Heidegger, Martin, 1997, Being and Time, translated by John Macquarrie and Edward Robinson, Oxford: Blackwell Publisher.

(سوودم لێ وەرگرتووە بۆ بەراوردکردنی بە دەقی وەرگێڕانە کوردییەکەی د.محەمەد کەمال).

2- Davies, Douglas J., 2005,A Brief History Of Death, Unit Kingdom: Blackwell Publishing.

3- Inwood, Michael, 1999,A Heidegger Dictionary, USA: Blachwell Publishing.

4- Plato, 1997,Complete Works, by John M. Cooper, USA: Hackett Publishing.

5- C.C.W.Taylor, 2005, Routledge History of Philosophy, published in the Taylor & Francis e-Library.

6- Shawn M. Hatjes, Heidegger and Sartre on Death and Authenticity, www.unlockyourmind.wordpress.com. Nov.15.2013.

فەرهەنگ:

1- Oxford Dictionary Of English, 3rd edition, Oxford University press, 2010.